## دلۆپێک مەرەکەب

## دلۆپی -19-

**نووسینی: ڤینۆس فایەق**

venusfaiq@gmail.com

**سەردانە کوتوپڕەکەی کۆندالیزا رایس بۆ کوردستان**

سیاسەتی ئەمەریکا لە حاڵی حازردا لەسەر کۆمەڵێ لە تیۆری نەگۆڕ بینابووە کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەنەگۆڕی ئەمێننەوە ، یەکێ لەو تیۆریە نەگۆڕانە ئەوەیە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرگەی دروستبوونی دەوڵەتێک ناگرێت بەناوی دەوڵەتی کوردیەوە ، چونکە لەگەڵ دروستبوونی ئەو دەوڵەتە ، زۆر لە پارسەنگی سیاسی ناوچەکە ئەگۆڕدرێ و نەخشەی سیاسی نوێ دێنە کایەوە..

جاران میللەتی کورد خەباتی ئەکرد و شەڕی ئەکرد بۆ کەمترین مافی سیاسی و نەتەوەیی ، بۆ ئەوەبوو بیسەلمێنێت کە هەیە ، شەڕی بوون و نەبوون یەکێ بوو لەهەرە دژوارترین شەڕەکانی میللەتی کورد گەورەترین قوربانی بۆدا ، بوون بەمانای ئازادی و سەربەخۆیی ، بەمانای هەبوون بە خاک و نەخشەی سیاسی و ئابووری و نەتەوەیی سەربەخۆوە ، هەبوون بە هەموو مافەکانی هەمو میللەتانی ئازاد لەسەر رووی زەمین هەیانە و مانای سەربەخۆیی و هەبوونی تەواوەتی و رەها بگرێتەوە ، هەتا گەیشتینە بەغدا و کوردستانی ئازادمان لەدەستدا..

بەڵام ئەو کاتەی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کوتوپڕ سەردانی باشووری کوردستان ئەکات ، ئەو سەردانە بۆ ئێمەی کورد کوتوپڕە ، دەنا سەردانێکی باسکراوی نەخشەبۆکێشراوی ئەمەریکیە ، بە هەموو شەرت و مەرجەکانیەوە..

ئەو سەردانە لەسەردانی باوکێک دەکات کە بڕیاری داوە تاوەناتاوێک خۆی بکات بە ژووری کوڕکانیدا تا بزانێت بەباشی سەعی ئەکەن و ئەرک و راهێنانەکانی قوتابخانەیان بەباشی جێبەجێ ئەکەن!!

کەس نکوڵی لەوە نیە ئەوەی ئەمڕۆ میللەتی کورد پێی گەیشتووە قۆناغێکی (زێرینە) ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە ئەوەی پێی گەیشتووە ئەوەبوو کە خەونی پێوە ئەبینی ، کۆندالیزا رایس هاتووە بەکورد بڵێت باش سەعی بکەن و گوێرایەڵ بن ، چەند نمرەی باش وەرگرن بابە خەرجیتان بۆ زیاد دەکات ، هەوڵ بدەن لەناو یەکدا باش بن و عاقڵ بن و هاروهاجی نەکەن تا سزاتان نەدەم.. هاتنەکەی کۆندالیزارایس بەمەبەستی تۆکمەکردنی ماڵی کوردنیە ، بەهێندی ئەوەندەی بەستنەوەی کوردە لە قەفەزی عێراقدا و زیاتر بەندکردنێتی و بێدەنگکردنێتی ، ئەگەر پەڕوباڵی درێژبوون بیبڕێت هەتا کاتێکی نەزانراو ، نەکا لەقەفەزەکەی عێراق بفڕێ..

کێشەی کورد ئەوەیە ئەزانێت لەدەروە دۆستی هەیە ، بەڵام نازانێت چی لێیان ئەوێت ، چونکە کورد هەمیشە ملکەچی شەرت و مەرجی دۆستەکانێتی ، وهەرگیز نەیزانیوە دۆستەکانی بەکاربهێنێت ، بەڵام دۆستەکانی بەناوی دۆستایەتیەوە هەمیشە زانیویانە کورد چۆن وەکوو وەرقەیەکی سیاسی بەکاربهێنن .. چونکە ئەوان باش ئەزانن چیان لە کورد ئەوێت..

ئەمەریکا ئەیەوێت شەڕی تیرۆر بکات لە ناوچەکەدا ، لەگەڵ ئەوەی ئەیەوێت ئاشتی بەرقەرار بکات ، جگەلەوەی ئەمەریکا بەرژەوەندی هەیە لە ناوچەکەدا ئەبێت بیپارێزێت ، ئەوەش بە کۆمەڵێ شت دێنە ئەنجام ، یەکێ لەو شتانە ئەوەیە کورد جارێ باسی دەوڵەتی کوردی نەکات ، چونکە بەلای ئەمەریکاوە بەرقەرارکردنی ئاشتی مانای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناگرێتەوە ،

بەلای ئێمەی کوردیشەوە بەرەقەراربوونی ئاشتی لەناوچەکەدا مەرج نیە ئەمنی نەتەوەیی کورد بپارێزێت..

لە کۆتاییدا زۆر دەترسم رۆژێکی تر هەر لە ناکاو کۆندالیزا رایس خۆی بکات بە ژوورا و بلێ هەموو ئالأکانی کوردستان داگرن و بیانسووتێنن ، ئەوسا وەکوو کورە عاقڵەکان ئەبێت گوێڕایەلی بکەین و لەقسەی دەرنەچین ، دەنا بابە توورە ئەبێت ، ئەو ئالأیە چیە خۆ ئێوە عێراقین ، کوردایەتی چی و شتی چی ، ئیستا کاتی سەعیە کاتی کوردایەتی نیە ، کوردایەتی هەڵگرن بۆ کاتی خۆی ، کاتی خۆی کەیە ، بابە ئەمریکا ئەزانێت..

- دڵۆپێک مەرەکەب گۆشەیەیکی هەفتانەیە هەموو یەکشەممەیەک لە رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە هەولێر بلأو دەبێتەوە..